وەزارەتی خوێندنی باڵا
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

کۆلێژی ئاداب
بەشی فەلسەفە

قۆناغی دوو

# میتۆدۆلۆژی

Methodology

مامۆستای بابەت

م.ی. شێروان هادی محمد

2023-2022

## بەشی یەکەم:
## پێناسەی هەندێک لە چەمکە بنەڕەتییەکان:

یەکەم: توێژینەوە( بحث یان دراسة) (Reserch ):

توێژینەوە پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، لە ڕووی کردەییەوە پیناسەی زۆری بۆکراوە، بەهۆی فرەجۆری شێوازەکانی توێژینەوە و دیاری نەکردنی چەمکی زانیستیشەوە توێژەران لەم بوارەدا بە پێناسەیەکی گشتگیرو دیاریکراو نەگەیشتوون.

ئەم جیاوازیەی نێوان زانایان و توێژەران لە پیناسەکردنی توێژیەنەوەدا خەسڵەتی زانستیبوون لە توێژینەوە داناماڵێ بە پیچەوانەوە جەخت دەکاتەوە سەر زانستیی توێژینەوە، بەڵکو جیاوازیەکان لە میتۆدو ڕێگاو شیوازو ئامانجەکاندایە نەک لە قۆناغ و چەمکە زانستی و مەیدان و بوارە جیاوازەکاندا.

هەندێک (توێژینەوە ) بە کەرستەو ئامراز دادەنێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گیروگرفتانەی ڕوو بەڕووی ژیانی مرۆیی دەبنەوە.

هەندێک بە هەوڵێکی مونەزەمی دادەنێن بۆ هەمان مەبەست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆکن لەسەر ئەوەی کە چارەسەرێکردنی ئەو گرفتانە کە لە ئەنجامی توێژینەوەوە پیادە دەکرێن چارەسەرێکی زانستین، بۆیە توێژینەوە و زانست بوونەتە دووانەیەک پیکەوە لە نوسینەکانیادا دێن.

یەکیک لەو پیناسانەی بۆ توێژینەوە کراوە بریتییە (لە پشکنین و گەڕان بە دووای مەعریفەدا بە شیوازێکی زانستی و نەخشە بۆدانراو و هەنگاو لە دووای هەنگاو ، ڕەگەزەکانی بریتین لە بابەت ، میتۆد، ئامانج) .

لە پیناسەیەکی تردا دەڵێت توێژینەوە گەڕانێکی سیستماتیکە، واتە مونەزەمە بەمەبەست و ئامانجی دۆزینەوە و بە دەستهێنانی مەعریفەیەکی نوێی جێی متمانەو باوەڕپیکراو دووای ئەزموونکردنێکی زانستیانەی ئەو مەعریفەیە.

هەندێک لە توێژەرانی تر پییان وایە (توێژینەوە) ئامرازە، بۆیە لە پیناسەی توێژینەوەدا دەڵێن( بریتییە لە ئامرازێکی پشکنین یان ڕێگایەکی ورد و بابەتیی و مونەزەمی بە دووادا چوون ، بۆیە بابەت یان دیاردە یان ڕووداوێکی دیاریکراو دەکرێ لە میانەوە بگەینە زانیاری و ڕاستی و کۆمەڵە پەیوەندیەکی نوێ .

## دووەم: میتۆد (المنهج) (Method):

بەدەگمەن سەرچاوەیەک یان کتێبێک دەبینی لەسەر توێژینەوە نوسرابیت و پیناسەیەکی میتودی تێدا نەبیت، یان هەر لە پیشەکییەکەیدا ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ماناو پیناسەکانی میتود نەخستبیتەڕوو، چونکە جەوهەری یان روحی توێژینەوە میتۆدە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەکارهێنانی ئەم چەمکەدا یەک دەنگیەک نییە لە ناوەندەکانی توێژینەوە و بەشە زانستییەکانی کۆلێژو زانکۆکاندا، هەندێک بە ڕێبازی زانستی (Scientific Method) و هەندێک بە ڕێگاکانی توێژینەوە و هەندێک بە شێوازو هەندێک بە هەنگاو و تەرتیبکردن و کارڕاییەکانی توێژینەوە و هەندێک هەر لە میتۆددا کورتی دەکەنەوە.

لە بنەڕەتدا (میتود) ووشەیەکی یۆنانییەو لە زۆربەی زمانە ئەوروپییەکاندا بە مانای ڕێبازێک بۆ توێژینەوە بەکاردێت، یان بەمانای ڕێچکەیەک بمانگەیەنێتە مەبەستێکی دیاریکراو لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر ووشەی (Method) میتۆد ووشەی (منهج) بەکاردێت، ئەم ووشەیەش بەمانای ڕێگایەکی ڕوونە.

ئێمەش لە زمانی کوریدا ووشەی ڕێباز و پەیرەو پرۆگرام و ڕێگاشمان هەیە، هەروەها لە ڕووی فەلسەفییەوە میتۆد بریتییە لە ڕێگای ئەنجامدانی کارو بەرنامەیەك بە پێی پلانێکی داڕێژراو واتە نەخشەی ڕاپەڕاندنی ئەو کارنامەیە وەکو پرۆژەیەك بە پێی پرۆگرامێکی دیاریکراو بۆ ڕاپەڕاندن و جێ بەجێکردنی، لێرەدا میتۆد بەمانای نەخشەو پلانێکی داڕێژراو دێت.

لە پێناسەیەکی تردا میتۆد بەوە پێناسە کراوە کە بریتییە لە سیستەمی بیرکردنەوە، کردەوە یاخود تەکنیک، چۆنیەتی ڕێکمخستنی لێکدانەوە زەینیەکانی مرۆڤ و دواتر کارپێکردنی و هونەری ڕێکخستنی ئەو کارپێکردنە، بۆیە ئەمە زیاتر پێناسەیەکی فەلسەفیە ئەوەی پەیوەندی بە کۆکردنەوە و شیکرکرنەوەی زانیاریەکانەوە هەبێت کە توێژینەوەکەی لەسەر بەندە.

لە ڕووی لۆژیکییەوە شارەزایانی بواری لۆژیکی نوێ پێیان وایە (میتۆد): بریتییە لە ( هونەری ڕێکخستنێکی ڕاست و ڕەوان بۆ زنجیرەیەک هزری جۆراو جۆر ، لە پێناو بەدەرخستنی هەقیقەتێکدا کە ئێمە نایزانین یان بۆ سەلماندنی بیرۆکەیەک بۆ کەسانی تر هەتا بیزانن.

هەندێک لە کۆمەڵناسان میتۆدیان بە جۆرێک لە یاساو ڕێسای تایبەت پێناسە کردووە، پێیان وایە مەبەست لە میتۆدی زانستی ئەو کۆمەڵە ڕێساو سیستەمە گشتیانەیە کە لە پێناو گەیشتن بە ڕاستییەکی دانپیانراوو پەسندکراودا لە لایەن توێژەرانی بوارە مەعریفیە مرۆییە جیاوازەکانەوە دادەنرێت.

## سێیەم: میتۆدۆلۆژی (المنهجية ) (Methodology):

ئەگەر لە فەرهەنگە زمانەوانیەکاندا بە دوای مانای وشەی (میتودۆلۆژی)دا بگەڕێین جگە لەوەی هەر بۆ خۆی وشەکە بە پێی زانستە جیاوازەکان چەندین مانامان دەست دەکەوێت، زۆرجاریش میتۆدۆلۆژی لەپاڵ وشەیەکی تردا دێت، وەکو میتۆدۆلۆژی توێژینەوە یان میتۆدۆلۆژی توێژینەوەی زانستی یان میتۆدۆلۆژی زانستی میتۆد، یان میتۆدۆلۆژی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی. هەموو ئەکانە بە مانای رێبازو کارڕایی و ڕێوشوێنەکانی توێژینەوە دێت.

هەندێکی تر پێیان وایە میتۆدۆلۆژی ڕێگای زانستییە، ئاماژە بەو تەکنیکە زانستیانە دەکات کەلە توێژینەوەی بابەتێکی دیاریکراودا بەکار دێت لە پڕۆسەکانی بەدەستهێنانی زانیاری و کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی زانیاریەکان و شیکردنەوەیاندا، بەمەبەستی پەیداکردنی ئەو زانست و زانیاریانەی بۆ بونیادنانی تیۆرەکان و یاسا گشتییەکان پێویستن.

وەکو پێناسە میتۆدۆلۆژی (زانستی میتۆدناسی) نەسقێکە واتە نەزمێکە لە رێساو کارڕایی و ڕێوشوێنی تایبەت کە توێژەر دەیانگرێتەبەرو لە توێژینەوکەیدا پشتیان پێ دەبەستێت.

میتۆدۆلۆژی لە ڕوی زمانەوانییەوە لە دوو بڕگە پێکهاتووە:
میتۆد + لۆژی

لۆژی: واتە بریتییە لە مەنتق یان زانست، واتە لێرەدا هەردوو چەمکەکە بەیەکەوە دەبنە ئەو زانستەی توێژینەوە لەسەر خودی میتۆد خۆیدەکات.

## چوارەم: توێژینەوەی کۆمەڵایەتی (البحث الاجتماعي)(Social Reserch):

لە پێناسـەی توێژینەوە و توێژینەوەی زانسـتیدا زانیمان توێژینەوە چیەو چی دەگەیەنێت، کاتیک چەمکی کۆمەڵایەتی دەخەینە پاڵ جۆریک لە جۆرەکانی توێژینەوە دەگرێتەوە، جیای دەکاتەوە لە توێژینەوەی ئابووری و سیاسیی و جوگرافی و ....هتد تا ڕادەیەکی زۆر لە رووی بابەت و گرفتی توێژینەوەکەو ئامانجەکانەوە جیاوازە لە جۆرەکانی تری توێژینەوە و کاتیک ئەمانەش جیاواز بوون ئیتر میتۆد و لایەنەکانی تریش جیاواز دەبن.

لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا مەبەست ئەو گەڕان و پشکنینەیە بە دووای ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەنجام دەدرێت، بابەتێک لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان دەکاتە گرفت و دەیخاتە بەر باس و لیکدانەوە، یان هەوڵ و تەقەلایەکی مونەزەمە بۆ بەدەسـتهێنانی زانیاری و کۆکردنەوەو شـیکردنەوەیان بە مەبەستی گەیشتن بە هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی یان ئەو یاسا و ڕێسا گشتیانەی تەحەکوم بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکەن دوواتر وردبوونەوە لەمانە لە میانەی سەرنج و تیبینی و ئەزمونکردنەوە بە مەبەسـتی تیگەیشـتن و پیشـبینیکردن و کۆنترۆڵکردن و ئاراسـتە کردنیان، ڕێگەگرتن لە نەخوازراوەکان و ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەو دیاردانەی خێرو خۆشین بۆ کۆمەڵگا.

هەروەها بریتیە لە ڕاڤەو شـرۆڤە کردنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی ڕاڤەو شـرۆڤە نەکراون, یان روونکردنەوەی ئەوانەی گومانیان لێ دەکرێت، ڕاستکردنەوەی ئەو هەقیقەتانیە پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، بیگومان ئەم جۆرە لیکدانەوەو شیکردنەوانەش بەهای زانستی خۆیان هەیە، ئەگەر گرفتێک لە گرفتە ئەکادیمی یان کۆمەڵایەتییەکان چارەسـەر نەکات و شـێوازو هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی نەگرتبێتەبەر، شایانی ئەوە نابێت بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی ناوەزەد بکرێت.
توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان وەکو ئامرازێک بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی دروسـت بوون و بەدەرکەوتن و چۆنیەتی دووبارە بوونەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت، لە ڕێگەیانەوە دەگەینە ڕاڤە و شـرۆڤە کردنی دیاردەکان و پیشبینیکردنی ڕێڕەوی ڕووداو و تێپەڕینی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی هەر دیاردەو گرفتێکی دیاریکراو، ئەگەر ئەم هەنگاوانەی لە کۆی ئەم پرۆسـەیەدا پیادەکراون هەمان خەسـڵەتەکانی زانستی تێدا بێت، دەبیتە توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی زانستی ، چونکە خەسڵەتەکانی زانستی تێدایە، ئەگەر نا دەبنە ڕاو بۆچوونی کەسی.

**بەشی دووەم: خەسڵەت و ئامانجەکانی زانست :**

لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی زۆر توند و تۆڵ لە نێوان میتۆد و توێژینەوە و زانستدا هەیە، بە دەگمەن کتێبێک دەبینین لەسەر میتۆد نوسرابێت و باسی زانست و تایبەتمەندیەکانی تێدا نەبیت، یان بە پیچەوانەوە کتێبێک لەسەر زانست نوسرابێت و باسی میتۆد و بنەماکانی توێژینەوەی تیدانەبیت، بۆیە ئێمەش لە دەستپێکی ئەم باسەدا پێویستە بەکورتی وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە بدەینەوە کە پەیوەستن بە جەوهەری ئەم بابەتەوە وەکو:

- **ئایا زانست چییە؟ چۆن بەدەست دێت؟**
- **بابەتێکی زانستی چۆن لە بابەتێکی نا زانستی جیا بکەینەوە؟**
- **زانست چ پەیوەندیەکی بە بیرکردنەوە و مەعریفەوە هەیە ؟ئەی مەعریفە چییە؟**
- **ئایا مەعریفە هاوواتای زانستە و بەیەک مانا بەکاردێن یان جیاوازییان هەیە؟**
- **هەموو مەعریفەیەک زانستە یان هەموو زانستێک مەعریفەیە؟**

**یەکەم : مەعریفە**:(Knowledge):

ئەگەر بەو پرسیارە دەست پێ بکەین ، ئایا مەبەست لە مەعریفە چیە؟، ڕەنگە وەڵامێکی کورت و دڵیایی بەخشمان دەست نەکەوێت، لەبەر ئەوی هەموو جیاوازییە زۆرەی لە وەڵامی پرسیارەکەدا هەیە، زۆربەی ئەو توێژەرو نوسەرانەی لە بواری فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنوسن بە پێی ڕوانگەو تێگەیشتنی خۆیان وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە، زەخیرەیەکی زۆر لە بواری پێناسەکردنیدا کەڵەکە بووە، بەجۆرێک چەمکەکەی زیاتر شێواندووە لە جیاتی ئەوەی ڕوونی بکاتەوە، لەم باسەدا .

سەرەتا مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو بەردەوام بووە لە گەڕان بە دووای مەعریفەدا، ئەو مەعریفەیەی وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە لە بارەی جیهانی دەوروبەرو ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوە.

مەعریفە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا پەیدابووە،

لە ڕووی زمانەوانیەوە مەعریفە وشەیەکی عەرەبیە، ناوە، لەسەر کاری (عرف) واتە (زانی) یان (ناسی) درووست بووە ، ئەمەش پێچەوانەی نەزانین و نەناسین و جەهلە، ئیتر مەعریفەکە هەر جۆرێک بێت و لە ڕێگای هەر ئامرازو شێوازێکیشەوە بە دەست هاتبێت.

ئەگەر لەم بارەوە بگەڕێینەوە سەر فەرهەنگە عەرەبییەکان دەبینین هەندێکیان ( مەعریفەو زانستیان ) بە هاومانا بەکار هێناوە و ئەم دوو چەمکەیان بە هاو واتا داناوە، بەڵام هەندێکی تر لە فەرهەنگەکان جیاوازیان لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا کردووە، پێیان وایە زانست زانینێکی گشتی و ئاڵۆزە ، بەڵام مەعریفە ناسینێکی جوزئی و سادەیە، هەروەها مەعریفە بۆ وێناکردن و تەسەوڕات بەکاردێ، بەڵام زانست بۆ زانین و شایەدی دان و بەراست زانین.

پێناسەی مەعریفە:

مەعریفە ئەگەرچی‌سیمایەکی تاکەکەسانە و بە ئەوانەوە دەردەکەوێ، بەڵام هەرگیز دیاردەیەکی تاکەکەسی نییە، چونکە کەسی خاوەن مەعریفە ئەندامێکی کۆمەڵە و سەربە سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، جا ئەو سیستەمەیە بواری بۆ دەرخسێنێ کە ئەو جۆر و بڕی مەعریفەیە وەرگرێ.

لێرەشدا، نابێ دەورو توانای تاکەکەس لە داهێنان و زێدەکردنی مەعریفە پشتگوێ بخەین، بەڵام بەگشتی باروودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتییە کە مەعریفە دەبەخشن بە تاکەکەس، لەم روانگەیەشەوە، کەواتە دەتوانین بەم جۆرە پێناسەی مەعریفە بکەین کە ( بریتییە لە کۆی هەموو ئەو شارەزایی و پسپۆڕی و داهێنانانەی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا, لەماوەی هەموو مێژووی کۆمەڵگادا و لە ئەنجامی چالاکیە کۆمەڵایەتییە جۆراو جۆرەکانیاندا وەدەستیان هێناوە و کەڵەکە بووە، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بەکاری بێنن.

مەعریفە بەوە پێناسە دەکرێت کە شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەمی هزری مرۆیی، ئەو چالاکیە هزرییە کۆکردنەوەو پۆلێنکردن و بەرنامەڕێژی ئەو داتاو زانیاریانەی تێدا دەکرێت کە لە دیاردەو بینراوو نەبینراوەکانەوە وەردەگیرێن و سودیان بۆر مرۆڤ و کۆمەڵگاش هەیە.

لە زمانی کوریدا بەتایبەتی لە زمانی نوسین و توێژینەوەدا بە زۆری هەر مەعریفە بەکار دێت و هەندێکجاریش (زانین) لە لایەن هەندێک لە نوسەران و توێژەرانەوە بەکار دێت، یان لە فەرهەنگە زمانەوانیەکانی تایبەت بە زمانی کوردی و عەرەبی بەرامبەر وشەی مەعریفە لە کوردیدا (زانین و زانیاری و سەرلێدەرکردن) دەنوسن. هەندێ دەڵێن مەعریفە زانین نییە ، بەڵکو ناسینە، علم زانست و زانینە.

## زانست و خەسڵەتەکانی:

زانست: لە ڕووی تیۆرییەوە  پێناسـەی زۆر بۆ زانست کراوە، هەندێک دەڵێن چالاکیەکی مرۆییە و ئامانجی بەهێزکردنی تواناکانی مرۆڤە لەە پێناو کۆنترۆڵکردنی ژینگەی سـروشـتیدا، هەندێکی تر دەڵێن زانست گشتێکی  سیستماتیک و ڕێکخراوی مەعریفەیەو لە میانەی توێژینەوە و بیرکردنەوەو بەدەست دێت.

بە لای هەندێکی ترەوە زانسـت زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەسـتراوی چەمک و یاسـاکان و ئەو چوارچێوە تیۆریـانەیە کە لە ڕێگـای ئەزموونکردن یـان سـەرنج و تێبینی سـیسـتمـاتیکەوە بەدەستهاتوون.

## خەسڵەتەکانی  زانست:

زانسـت وەکو جۆرێک لە جۆرەکانی مەعریفە، خاوەنی کۆمەڵێک خەسـڵەت و تایبەتمەندی دیاری کراوە، هەر بەوانەش لە جۆرەکانی تری مەعریفە جیا دەکرێتەوە، هەندێک لەو خەسڵەتانەی زانست بریتین لەمانەی خوارەوە:

1 -   یەکێک لە خەسڵەت و سیفەتەکانی مەعریفەی زانستی بریتییە لەوەی کە بەرئەنجامی هەوڵ و تەقەڵای بەردەوامی چەندین سـەدەی  رابردووی مرۆڤایەتییە، لە بەدەسـتهێنانیدا گەلان و شارستانیەتە جیاوازەکان بەشداریان کردووە.

2- دیارترین خەسڵەتی زانست سیفەتی کەڵەکەبوون و جێگیری ڕێژەیی و رایتکردنەوەی خودیە.

3- زانست تیۆرو ڕاستیە" واتە خاوەن خەسڵەتی ڕیالیستی(واقعی) مەیدانییە کە لەسەر تێڕوانین و لێوردبوونەوە دامەزراوە.

4- خەسڵەتی تیۆری ئاماژە بەو دەرئەنجامانە دەکات کە لە ڕێگەی سەرنج و تێڕوانینەوە بە دەست هاتوون و بە شێوەیەکی لۆژیکی و پتەو داڕێژراون .

5- زانست هەوڵی بەدەست هێنانی دەرئەنجامگەلێک دەدات شایانی گشتاندن بێت، بۆ هەموو وەکو یەک بێت کە لە هەمان رەوش و بارودۆخدان.

## بەشی سێیەم: میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی:

### 1 - ڕێبازی (میتۆدی)مێژووی:

هەردیاردەیەک لێی بکۆڵینەوە و لە ڕابردوودا بێت و هەموو ئەو دیاردانەش کە باکگراوندی مێژووییان هەیە، پێویستە بە میتۆدی مێژووی توەێژینەوەیان لەسەر بکرێت.

مێژوو : بریتییە لە تۆمارێکی نوسراو بۆ رابردوو، کە لەزەمانی دۆزینەوەی نوسینەوە دەست پێ دەکات، وەسفکردنی رووداوو رایتییەکانی رابردووەو نوسینەوەیانە بە گیانێکی ڕەخنەگرانە.

(گۆچالک)ی فەیلەسوف لەبارەی مێژووە دەڵێت:

ئەوانەی رابردوویان دیوە بەشێکیان دەکەوێتەوە یاد. لەو بەشەی کە یادیان دەکەوێتەوە، تەنها بەشێکی تۆمار دەکەن. لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا" بەشێک لە تۆمارکراوەکە دەمینێتەوە" مێژوو نوسانیش سەرنجیان بۆ بەشێکی ئەو پاشماوەیە تۆمارکراوە نەفەوتاوە دەچێت.

- میتۆدی مێژووی : بریتییە لە پراکتیزەکردنی ڕێگای زانستی بۆ وەسف و شیکاری ئەو ڕووداوانەو هەڵێنجانی دەرئەنجامی لۆژیکی بۆ تێگەشتن و ڕاڤەکردنیان، ئەمەش بەتوێژەریک دەکریت کە خاوەنی سەلیقەو عەقڵ و ئەندێشەیەکی کارا بێت تا بتوانێت بەکاری بەراوردکاری هەڵبستێت و بەمەبەستی تێگەیشتن لە ئێستاو پێشبینی کردنی ئایندە دادوەری بکات.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا توێژەران بایەخ بە میتۆدی مێژووی دەدەن.
ئەم میتۆدە تەنها لەبواری مێژوودا بەکارناهێنریت، بەڵکو پەلیکێشاوەتە مەیدانییەکانی زانستە سروشتییەکان و یاساو پزیشکی و ڕاگەیاندن و ئابووری و ئایین و سایکۆلۆژیاو کۆمەڵناسی و فەلسەفە ......هتد. تاکو لە ڕاستی و درووستی زانیاری و مەعریفە کۆنەکان بکۆڵێتەوە.

### ئەو بنەمایانەی کە پێویستە لە توێژەری مێژوویدا بوونیان هەبێت:

- 1- پێویســـــتە توێژەر زمانی بنچینەیی بابەتی توێژینەوەکەی بزانێت، جگە لە زانینی یەکێک لەزمانە زیندووەکانی جیهان.ا
- 2- ئەبێت بتوانێت بە شیوەیەکی تەواوەتی لەپرس و ڕەوشەکان تێبگات و ڕاڤەیان بکات.
- 3- لە زانســـــتی دۆکۆمێنت و دپلۆماتیدا توانای هەبیت و لەچەمک و زاراوەکانی ئەو سەردەمە تێبگات کە بەڵگەنامەکانی تێدا نوسراوە.
- 4- پێویستە لە زانستی مۆرو دراوو ئابووری و جوگرافیاو ئەو زانستانەشدا شارەزا بێت کە تایبەتن بەبابەتی توێژینەوەکەوە.

#### هەنگاوەکانی توێژینەوەی مێژووی:

- 1- هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە.
- 2- کۆکردنەوەی ماددەی مێژووی .
- 3- ڕەخنەگرتن لەماددەی مێژووی.
- 4- دارشتنی گریمانە بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکان .
- 5- لیکدانەوەی ئەنجامەکان و نووسینی ڕاپۆرتی توێژینەوە.

## 2- میتۆدی بەراوردکاری :The Comparative Method:

ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندانی کۆمەڵناسی ئەم میتۆدە لە توێژینەوەکانیاندا بەکار دەهێنن.

ئەم ڕێبازە جەخت دەکاتەوە لەســـــەر بەراورد کردنی لایەنی وێکچو و جیاوازی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەویش دۆزینەوەی هەر هۆکارێک یان بارودۆخێک، لە هاوشـــــانی دیاردەی کۆمەڵایەتی یان هاوشانی مومارەسەیەکی دیاریکراودەکات.

بەو پێیەی دەبێت بەراوردکردنەکە لەیەک ماوەی زەمەنی بێت یان بەراوردکردنی دیاردەیەک لەهەمان کۆمەڵگا، بەڵام لەماوەیەکی زومەنی جیاوازدا، ئەمەش بۆ دەســـــتنیشـــــانکردنی گەشـــــەســـــەندنی ئەو دیاردەیەو ئەو گۆڕانکاریانەی لەکاوەبەکی زەمەنی دیکەدا، کەبەســـــەریدا هاتووە.

ئینجا بۆ ئەوەی توێژەری کۆمەڵایەتی بتوانێ ئامانجە زانســـــتیەکانی بە پڕاکتیزەکردنی ڕێبازی بەراولردکاری بپێکێت، ئەوا پێویست دەکات پۆڵینێکی وورد بۆ ئەو کۆمەڵگایانە بکات.

❖ **شیکردنەوەی بەراوردکاری ملکەچی فرە جۆری بەراوردکارییە کە ئەمانەی لای خوارەوەن:**

1- بەراوردکردنی یەک گۆڕاو لە چەند کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەی یەکتر، وەکو توێژینەوە لەبارەی رەوشی پەروەردەیی منداڵی کرێکاران لە قوتابخانەی سەرەتایی و لە دوو کۆمەڵگای پیشەسازیدا.

2- بەراوردکردنی ژمارەیەک گۆڕالو لە چەند کۆمەڵگایەکی هاوشێوە، وەک توێژینەوە لە گەشەسەندنی سیاسی لە نێوان دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو.

3- پەیوەندی نێوان ژمارەیەک گۆڕاو لەیەک کۆمەڵگادا، بۆ نموونە رێژەی لە دایکبوون و پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ناوچەی جوگرافی (شار و لادێ) لە کۆمەڵگای کوردیدا.

4- پەیوەندی ژمارەیەک گۆڕاو لە چەند کۆمەڵگایەکی لەیەک جیادا، بۆ نموونە توێژینەوە لە پەیوەندی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە داهاتی نەتەوەیی لە کۆمەڵگایەکی پیشەسازیدا و بەراوردی ئەم پەیوەندیە بە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیەوە.

❖ **توێژینەوە بەراوردکارییەکان لە چەند لایەنێکەوە لە توێژینەوە نا بەراوردیەکان جیادەکرێنەوە:**

1- ئەمجۆرە توێژینەوەیە دەبێتە هۆی زیادبوونی توانای توێژەر بۆ خستنەڕووی شرۆڤەی زیاتر و بەهێزتر لەسەر دیاردەی توێژینەوەکە.

2- توێژینەوە بەراوردکارییەکان یارمەتی توێژەر دەدەن بۆ زیادکردنی مەودای ئەو گۆڕاوە لێتوێژراوانەی کە لە نێوان توێژینەوەکەیدایە.

3- توێژینەوە بەراوردکاریەکان ڕێگە خۆشکەرن بۆ پەنابردنە بەر فاکتەر و لایەنی کولتوور و کۆمەلایەتی تایبەت بە هەر کۆمەڵگایەکی لێتوێژراو لە پێناو شرۆڤەکردنی ئەنجامەکانی .

سێیەم: میتۆدی شیکاری :

❖ **هەندێک نموونەی پراکتیکردنی میتۆدی بەراوردکاری:**

بۆ ئەوەی بتوانین لە میتۆدی بەراوردکاری تێبگەین ئەوا چەند پراکتیکردنێکی دەخەینەڕوو  کە لەلایەن چەند توێژەرێکەوە ئەنجامدراوە:

یەکەم: بەراورد کردنی ئەرستۆ لە نێوان سیستەمە سیاسییەکانی سەردەمی خۆیدا

ڕەنگە کۆنترین بەراوردکاری  لەم بوارەدا ئەنجام درابێت ئەوەی ئەرستۆیە (٣٨٤-٣٢٣) , بۆ گەیشتن بەباشترین سیستەمی سیاسی. ١٥٨دەستوری توێژینەوە کردووە و بەیەکەوە بەراوردی کردون.

دووەم: بەراوردکاری سپنسەر لەنێوان کۆمەڵگای سەربازی و کۆمەڵگای پیشەسازی.

سێیەم: ئەو بەراوردەی کە هاشم شەرابی ئەنجامیدا لە نێوان کۆمەڵگای مۆدێرن و کۆمەڵگای باوکسالاری.

**بەشی چوارەم : هەنگاوەکانی توێژینەوە:**

هەرکاتێک توێژەر بیرۆکەیەک وەکو گریمانەی لا گەڵاڵە دەبێت، لە ناونیشانێکدا ڕێکی دەخات ، ئەمەش ئاستێکی زانستی و هۆشیاری دیاریکراوی پێویستە جگە لەوەی کۆمەڵێک فاکتەر لە ئاراستەکردنیدا ڕۆڵ دەبینن.

دوای ڕێکخستنی ناونیشانەکەو گفتوگۆکردنی تێروتەسەل و تاوتوێکردنی لەگەڵ چەندین پسپۆڕی بوارەکە ، سود وەر گرتن  لە ڕاو سرنجی هەموو ئەمانە بەتایبەت وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەو بەشە زانستییەی توێژینەوەکەی بۆ دەنوسرێت.

4 - **هەڵبژاردنی ناونیشان:**

قۆناغی هەڵبژاردنی ناونیشان و روو کردنە بابەتێک بە یەکێک لە قۆناغە هەستیارو کاریگەرەکانی هەر توێژینەوەیەک دادەنریت ، چونکە ناونیشان و قوڵبوونەوە لە بابەتێکی دیاریکراو بۆ توێژەر بابەتێکی زۆر چارەنوسسازە. ئایندەی پسپۆڕی و بابەتە جێی بایەخدان و گرنگپێدانەکانی توێژەر دیاری دەکات.

له هەڵبژاردنی ناونیشاندا سەرەتا توێژەر لە چوارچیوەی لقێکی زانستی لاوەکیدا بیردەکاتەوە، بۆ نموونە توێژەرێک بیر لەو بابەتانە دەکاتەوە لەناو کۆمەڵناسی خێزاندا دەخوێندرێن، یان لە چوارچیوەی دەرونزانی کۆمەلایەتییە، یان لە بابەتێکی فەلسەفی .

5 - دارشتنی پلانی توێژینەوە:

بۆ پلانی توێژینەوەش یان دەستپێکردنی هەر توێژینەوەیەک شێوازی جۆراوجۆر هەیە و هەموو توێژینەوەکان یەک پلانی دیاریکراویان نییە .
یان مەرج نییە پابەندی کلێشەیەکی دیاریکراو بین . ئەو جیاوازیەش دەوەستێتە سەر جۆرو بابەتەکەو گرفتی توێژینەوە کەو میتۆدی بەکارهاتوو و ئاراستەکانی بیرکردنەوەی توێژەر .

## یەکەم: هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوە:

قۆناغی هەڵبژاردنی ناونیشان و روو کردنە بابەتێک بە یەکێک لە قۆناغە هەستیارو کاریگەرەکانی هەرتوێژینەوەیەک دادەنریت، چونکە ناونیشان و قوڵبوونەوە لە بابەتێکی دیاریکراو بۆ توێژەر بابەتێکی زۆر چارەنوسسازە.

له هەڵبژاردنی ناونیشاندا سەرەتا توێژەر لە چوارچیوەی لقێکی زانستی لاوەکیدا بیردەکاتەوە، بۆ نموونە توێژەرێک بیر لەو بابەتانە دەکاتەوە لەناو فەلسەفەدا دەخوێندرێت. یان لەهەربوارێکی زانستی دیکەدا.

**ناونیشان چییەو چۆن هەڵدەبژێرێت؟**

- **ناونیشان چییە؟**

ناونیشان بڕیتییە لە ناسنامەو یەکێک لە نیشانەو سیما هەرە دیارو بەرجەستەکانی هەر توێژینەوەیەک، دەستپێک و سەرەتای هەموو توێژینەوەکان بە هەڵبژاردنی ناونیشان دەست پێ دەکەن ، یان ناونیشان ئەو دەروازە و ڕێڕەوەیە لێیەوە دەچینە ناو دنیای هەر توێژینەوەیەک بۆیە هەرچەندێک وورد و جوان و دیاریکراوبێت و گوزارشت لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بکات هێندەی تر سەرنجراکێشترو لەبایەخی توێژینەوەکە زیاتر دەکات.

- چۆن ناونیشان هەڵدەبژێردرێت؟

توێژەری لێهاتوەو کە هەڵگرو خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت  و تایبەتمەندی دیاریکراوە، ئەو دەتوانێت ناونیشان و بابەتێکی دەگمەن و گرنگ هەڵبژێرێت کە جێگای سەرنج و تێڕامانی پسپۆڕانی بوارەکە بێت.

هەندێک لەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانە یان مەرجانەی پێویستن لەهەر توێژەرێکدا هەبن بریتین لە:

1 - دەبێ توێژەر ئاستێکی هۆشیاری باشی هەبێت لە بواری پسپۆڕییە فراوانەکەیدا کە زانستی فەلسەفەیە بۆنموونە.

2 - دەبێ توێژەر ئاگادارییەکی باشی لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی هەبێت و پێکهاتە و بونیاد و ململانێ وگرفت و ....

3 - ئاگاداری ڕەوشی بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی و ناوەنەکانی ئەم یقۆناغە چین.

4 - ئاشنایەتی لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکەو لە نێوانیاندا پەیوەندی و گفتوگۆ هەبێ.

5 - دەبێ پێش ئەوەی نوسەرو توێژەر بێت، خوێنەرێکی باش بێت.

### ❖ دارشتنی پلانی توێژینەوەکە.

پلانی توێژینەوە بەیەکێک  لە پێویستی و بنەما سەرەکیەکانی توێژینەوە دادەنرێت.

قۆناغێکی گرنگی پێش دەست بەکاربوونە، پرۆژەو نەخشەی کارکردنە،

دوای ئەوەی ئەم ناونیشانە جێگیر بوو چۆن پلانی توێژینەوەکە دادەنێین؟

سەرەتا پێویستە ناونیشانەکە لەسەرەوە وەکو خۆی بنووسینەوە:

(بیرو بۆچوونی  ئەفلاتۆن لە سەر سیاسەتدا)

بەشی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەو دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە.

تەوەرەی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

1 -گرفتی توێژینەوەکە

2 -گرنگی توێژینەوەکە.

3 -ئامانجەکانی توێژینەوەکە

4 -هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

## 5 - میتۆدی توێژینەوەکە

**تەوەرەی دووەم : دیاریکردنی چەمکەکان**

لە بەشـی یەکەمی تەوەری دووەم ناسـاندتی چەمکە سـەرەکییەکان باس دەکرێت و لەهەر چەمکێک سێ(3) پێناسە یاخود زیاتر دەکریت و پاشان توێژەر پێناسەی کارپایی (أجرائی) خودی توێژەرەکە دەکرێت.

**چەمک( Concept) چییە؟**

**چەمک:** برێتییە لەو زاراوە و دەسـتەواژە سـەرەکی و بنچینەییانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بە زۆری بەکاریان دێنێت و تەوەری سەرەکی لێکدانەوەکانین، جگە لەوانەی ڕاستەوخۆ لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هـاتوون ئەو زاراوانەش دەگرێتەوە کە نزیک و ڕاسـتەخۆ پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە .

❖ **توێژینەوەکانی پێشوو:**

یەکەم: توێژینەوە عێراقیەکان(کوردی و عەرەبییە عێراقییەکان)

دووەم: توێژینەوە عەرەبیەکان( سووری و لوبنانی و , میسری ، سعوەدیەکان.......).

سێیەم: توێژینەوە بیانییەکان( ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەڕەنسی ...... هتد)

بەشی سێیەم: ناوەڕۆکی توێژینەوەکەت دەنووسی.

لە کۆتایدا:

**دەرئەنجام :** دەنووسین بۆ ئەوەی بزانین توێژینەوەکەمان گەیشتۆتە کوێ.

**سەرچاوەکان :** لەکۆتایدا لیستی سەر چاوەکان دەنوسرێت.

## ○ جۆرەکانی نوسینی سەرچاوەکان لەکاتی توێژینەوەدا

1 - جۆری یەکەم کە پیی دەوترێ سیستەمی شیکاغۆ:

لە توێژینەوەکاندا ئەم سیستەمە بەکاردێ بۆ چۆنیەتی نوسینی سەرچاوەکان , کە توێژەران و نوسەران دەتوانن بەم جۆرە سیستەمە سەرچاوەکان بتووسن , کە جیایە لە سیستەمی هارڤارد, ئەگەر بێتو بمانەوێ ئەم سیستەمە بەکار بهێنین دەبی سەری ئەم نموونەی خوارەوەبکەین:

سیستەمی شیکاغۆ:

ناوی نوسەر + ناونیشانی پەرتوکەکە + ناوی چاپخانەکە + چاپی چەندەمە وەک(چ١ دەنوسین یان چ٢... )بەوشێوەیە دەنوسین + شوێنی دەرچوونی وەک (شاری هەولێر یان سلێمانیە , یان هەر شارێک و وولاتێکی دیکە بی دەیینووسی+ سالی دەرچوون وەک (١٩٩یان سالی ٢٠٢٢) .

بۆنموونە ئەگەر کتابێک هەبی بەناوی (**میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی** ) **دیدار ئەبوزێد نوسی تی و لە سالی ٢٠١٣, لە چاپخانەی ڕۆژهەلات دەرچووە و چاپکراوە لەشاری هەولیر و چاپی یەکەمە**)

بەم شێوەیە ئەم سەرچاوەیە دەنوسسین بەسیستەمی شیکاغۆ:

**ئەبوزێد، دیدار، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چ١، شاری هەولێر, ٢٠١٣،ل ٢٣.**

ئەوە ئەگەر لەناوەرۆکی توێژینەوەکە بنووسی لە خوارەوەی لاپەڕەکە، لاپەڕەکەش دەنووسی, بەلام ئەگەر لە کۆتای توێژینەوەکە بنووسیت لە لیستی سەرچاوەکان ئەوە لاپەڕەکە نانووسی وەک:

(**ئەبوزێد، دیدار، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چ١، شاری هەولێر**)

ئەگەر سەرچاوەکە دووبارە بۆوە لە ناوەڕۆک دەلێ هەمان سەرچاوە یان سەرچاوەی پێشوو, واتە دووبارە هەموو سەرصاوەکە نانووسیەوەوەک:

- **هەمان سەرچاوە ,لا ٣٤**
- **ئەگەر لەهەمان لاپەرەی دوایی هات, بەلام ئەگەر دوو لاپەڕەی کەوتن بەینی دەلێی : ئەبوزێد,دیدار, سەرچاوەی پیشوو, لا ٤٥**

## 2- جۆری دووەم کەپێی دەوترێ سیستەمی هارڤارد:

جۆری دووەمی شێوازی نوسینی سەچاوە بەناوی سیستەمی هارڤاردە، کە وەکو سیستەمی شیکاغۆ نییە ، جیاوازییەکەی لەوەیە کە لە سیستەم هارڤارد، سەرچاوەکە لە هامش نانوسرێت بەڵکو لە هەر نووسینێک کە وەردەگری لەکۆتایەکەی تەنها ناوی نوسەرەکەو ساڵ و لەپەرەکە

دەنووسی و لە کۆتاییەکەشی کە دەکا لیستی سەرچاوەکان ناوی سەرچاوەکە بە گشتی دەنووسی بۆنممونە:

پیناسەیەک وەردەگری لە پەرتوکێک کە دەینووسی و لە سێ دێر پیک هاتووە بۆنموونە:

**پیناسەی.فەلسەفە.........................................................................................**

**...........................................................................................................**

**................................( ئەبوزێد، ٢٠١٣: ٢٣)**

**بەڵام لەلیستی سەرچاوەکان بەگشتی دەنووسی بۆنموونە:**

**(ئەبوزێد، دیدار،(٢٠١٣)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چ١، شاری هەولێر) بەم شێوەیە دەنووسی**

## ❖جۆرەکانی توێژینەوە:

**پۆلینکردنی توێژینەوەکان بەپێی قۆناغەکانی خوێندن:**

1 - **توێژینەوەی پۆل یان ڕاپۆرت:**

بریتییە لەو توێژینەوانەی لە هەر قۆناغێکی خوێندنی بەکالۆریۆسدا خوێندکارانی بۆ ڕادەسپێردرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا توێژینەوەیەک لە بوارێک لە بوارەکان.

2- **توێژینەوەی دەرچوون:**

بەشێکە لە پیداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بۆ توێژینەوەی دەرچوون لای ئێمە لە کۆتایی قۆناغی سییەمەوە قوتابیان ناونیشانی توێژینەوەیەک یان دوو یاخود سێ ناونیشان پیشکەشی سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسی دەکات، لەگەڵ دەستپیکردنەوەی دەوامی ساڵی نوێ ، لێژنەیەک بۆ دابەشکردنی توێژینەوەکان و دیاریکردنی سەرپەرشتیار پیکدێت.

3- **دبلۆم:**

بریتییە لە خوێندن و ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەماوەی یەک ساڵدا دووای بەدەستهێنانی بەکالۆریۆس، لە هەندێک وڵاتدا بە ماستەر هەژمار دەکریت ، چونکە دەکەوێتە نێوان بەکالۆریۆس و دکتۆرا.

بەکورتی دبلۆمیش بریتییە لە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی ماستەر یاخود دکتۆرایە .

4- **توێژینەوەی ماستەر** :

وشەی ماستەر(Master) لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەیەکی ئینگلیزییەو بە مانای ئامادەباشی دێت، یان خۆئامادەکردن کەماوەی خوێندنەکەی دوو ساڵە، لێرەدا مانای ئامادەبوونی قوتابی یە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دوواتر کە دکتۆرایە.

5- **توێژینەوەی دکتۆرا**:

دکتۆرا یان تێزی دکتۆرا لە وشەی (Theses) لاتینییەوە هاتووە، ئێستاش بە فەڕەنسی هەروای پێ دەڵێن و بە ئینگلیزیش (Dissertation) بەمانای بیرۆکەیەک یان کێشەیەک .ماوەی خوێندنی سێ ساڵە .

6- **توێژینەوەی پۆست دکتۆرا**:

بەهەموو ئەو توێژینەوانەی لە دووای بەدەستهێنانی دکتۆراوە ئەنجام دەدرێن .